

# شەوەژان

ژاڵە سەفییاری
(بووشێهر)

زستان هەناسەکانی ئاخری دەکێشا، بەڵام بە پێچەوانەی ساڵانی پێشوو کەس چاوەڕوانی نەورۆز نەبوو، هەر ئەوڕۆ هەواڵێک وەک بوومەلەرزە لە ناو لایەلایەی دایکێک لەخەو ڕاپەڕاندبوو، هەموو بوونی کەوتبووە ژێر تەپاوکێیەک و جێی هێشتبوو.. هەموو دنیای لەپێش چاو تاریک بووبوو، غەریبی جارێکە ئەوکی گوشیبوو، بەڵام دیسان دەبووا بنوێنێ کە دەرەقەتی دێ، ئەم تاکە هەڵبژاردە کە هەمووکات وەبیری دێنێ ژیان ڕاهاتن نییە، شەڕە بۆ مانەوە و ئەوەی جەنگاوەرێکی باش نەبێ، بە شنەبایەکی ناموراد دەیدۆڕێنێ.. دیتنی ئەو وێنەی کە بۆیان ناردبوو، هێزی ئەژنۆی شکاندبوو، تا هێزی تێدابوو مۆبایلەکەی فڕێ دابوو، پڕ بە بێدەنگی خۆی نەڕاندبووی..

ئێستەش بە دەنگی گریانێ پڕ بە ئامێزی تاریکی خزاوەتە ناو دڵی شارەوە، دڵەڕاوکێ جاڵجاڵۆکەیە و داڵدەی داوە، مێشکی سڕ و دەست و پێی گەرم داهاتووە.

لەسەر نوێنەکەی هەڵدەستێ و چاوێ لە میلی کاتژمێر دەکات و دەڵێ؛

بڵێی بتوانم زوو بگەمەوە ماڵ؟ ئەی خوایە ئەم شەوانە شەقام دەڵێی چۆڵستانە و دەنگی تەنیایی و ترس نەبێ، هیچی دیکە نایەتە گوێ، پەنا بەخۆت ناچارم و دەبێ هێز بدەمە جەرگم..

ئەمەی لەبەرخۆوە گوت و چەسپی سەر زامەکەی لێ کردەوە و فڕێی دایە نێو ئەو سەتڵی زبڵەی دایاننابوو بۆ چەسپ و شتی وا، لە پلیکانەکان هاتە خوارێ دەستی بە نەردەکانەوە گرتبوو، دوو پەرەستار لە سووچێکەوە ڕاوەستاون و بە کوڵ دەگرین، یەکیان دەڵێ؛

چیتر هێزم نەماوە، ئەمڕۆ سێ کەس لەپێش چاوم مردن.

ئەوەی دیکە دەڵێ؛

ورەت بەرز بێ، نابێ ئاوا بمانبینن، دەنا..

چاوێ لەو دەکەن و گریان و زەردەخەنە تێکەڵ دەبێ، بەجووڵەی سەر وەڵامیان دەداتەوە، گریانێک ئەوکی دەگرێت، قووتی دەداتەوە، بە پەنایاندا دەڕوا و سەبرێ دەڵێ؛ ماندوونەبن.

بەسەر لەقاندنێ وەڵامی دەدەنەوە.

ئەم ماوە نەخۆشخانە قەت خەڵوەت نەبووە، بیردەکاتەوە لە منداڵییەوە کە دەیانبرد بۆ نەخۆشخانە تاوەکوو ئێستا هەموو کات ئاواتی بووە جارێ نەخۆشخانە خەڵوەت بێ، بەڵام ئێستا و لەم کارەساتەدا، بە دەنگێکی بەرزتر ئاوات دەخوازێ کە بریا شەوێ بێت و چۆڵ بوایە، لە هەموو ئازارێ..!

تا ژووری پیاوان دەچێ، چاوێ لە نوێنە شینەکە دەکات کە شووەکەی لەسەری درێژبووە، هێور نووستووە، بڕیار بوو دوکتۆر ببینێ بزانێ نایەوێ هەڵیستێنن..

هەست دەکات باشتر بە ڕوخسارییەوە دیارە، ئەرخەیان دەبێت، دەمامکەکەی فڕێ دەداتە ناو زبڵدانەکە و یەکێکی دیکە لە جانتاکەی دەردێنێ و دەیبەستێ بە دەم و لووتیدا و وەڕێ دەکەوێ.

شەو لەنیوە تێپەڕیوە، شار کپ و بێدەنگە، ماوەیەکە نەک ئەم شارە، جیهان لە وێرانەی پاش جەنگێکی گەورە دەچێ، تەنگژە گەورەکە ڕووی داوە، کەس ناوێرێ تۆوی خۆشەویستی بچێنێ، نەوەک ناچار بێ لەپێناویدا گیانی دەرچێت، مرۆڤایەتی پەرەوازەبووە، پەتایەکی تۆقێنەر هەموو دنیای تەنیوە، پەتایەک کە مرۆڤ لە مرۆڤ دەتارێنێ، پەتایەک تەنانەت دەست گرتنێ، ڕامووسانێکی لێ کردوون بە حەسرەت، گوێی زەمەن و گەردوونی پێ کەڕبووە.

چەند شەوە ئەم ڕێگایە بە تەنیا دەپێوێت.

سەرەتا شووەکەی تووش بووبوو، ڤایرۆسی کۆرۆنا سییەکانی گرتبوو، چەند ڕۆژ دواتر خۆی تووش بووبوو، بە شێوەیەکی ئاڵۆزتر، یاو و تاو بەریان نادا، بەڵام لەبەر منداڵەکانی نەیوێرابوو لە نەخۆشخانە بمێنێتەوە، ناچار هەموو شەوێ دەچوو سرۆمێکی لێ دەدا و نانێک کە بەو حاڵەوە دەبووا بۆ شووەکەی سازی بکات، بۆی دەبرد، وەدوای کارەکانی خۆیشی دەکەوت، چەند کاتژمێری دەخایاند پشکنین و دەرزی وەشاندن و... پاشان دەبووا بگەڕێتەوە بۆ ماڵێ، بۆ لای منداڵەکانی، هەرچەند لە ماڵێشدا دەبوو دووراودوور سەیریان بکات، نەیدەتوانی لە ئامێزیان بگرێ.

هێندە بچووکن هەڵگری تەنیایی نین، ڕازییە بەو دووراودوور دیتنەش هەر چاوی لێیان بێ، دوێنێ شەو کوڕە چکۆلەکەی لەبەردەرگای دیوەکەی خەوی لێ کەوتبوو تا خەوتبوو هەر گوتبووی؛

کچەکەم زوو چا بەوە، باش؟ خەوی بێ باوەشت زۆر ناخۆشە...

کوڕە گەورەکەی قاپەکانی دەشۆرد و هەر هاوار هاواری بوو؛

دایکە چاکتری؟ بڵێ ئەرێ... ئەم ڤایرۆسە کەرە چی بوو هات...

شار غەریبستانە، بیر لەو کارەساتانەی دەکاتەوە کە لە ژیانیدا دیبووی، ئەوەی کە چۆنی تاقەت هێنابوو، هێز دەخاتە دڵی خۆیەوە و دەڵێ ئەمە لە زۆریان ئەستەمتر نییە! چەند شەوە تەنیا دێت و تەنیاتر دەگەڕێتەوە، لە گەڕانەوەدا هیچ ماشێنێ ڕایناگرێ، یەک دوو

شەوی هەوەڵ تا ماڵێ ترس و خۆف هەموو گیانی دادەگرت، ناچار تاریکی لە ئامێز دەگرت و وەڕێ دەکەوت. ئەو شەویش هەمان حاڵ، ماشێن ڕایناگرێ و بێ هێزتر لە شەوانی پێشوو ملی ڕێگای گرتووە، بیر دەکاتەوە دەبێ زوو بگاتە ماڵێ، منداڵەکانی چاوەڕێن لە ئامێزیان بگرێ تاوەکوو بنوون، لەبەرخۆوە دەڵێ:

بەڵام ئەم شەویش ناتوانم، هەر بگەمە سەر نوێنەکەم..

منداڵان لەوە تێ ناگەن کە بۆ ناکرێ لە ئامێزیان بگرێ، ماوەیەکە بەدەم بیانووەوە دەنوون..

هەنگاوەکانی هێواش و لەسەرەخۆیە و زوو زووش ئاوڕ دەداتەوە، بەڵکوو ماشێنێ بێ و بیبینێ و هەڵیبگرێ.

لەپڕ تاکسییەک لە دوورەوە دێ، دەست هەڵدێنێ، بەڵام بەلای گوێیدا توند تێدەپەڕێ، کۆکە نایەڵێ بیر بکاتەوە کە بۆ ڕانەوەستا؟

شەو دەڵێی ڕەشماڵی هەوارچییە و نوقمی تاریکی بووە..

بیر دەکاتەوە شار هەموو کات پڕ لە وێنای ڕق بووە لای، ئەم شارە کە هێشتا گەرمای بۆ قووت نەدراوە، هەڵمی نەمان زوو دایدەپۆشێ، خۆر هەموو کات ڕەنگی بزرە، غەریبەکان سیمایان دیارە، کێ بەزەیی بە غەریبدا دێتەوە؟ بۆ خۆشیان ئێستە هەر وان، تەنانەت بەلەمەکانی نە دەڕۆن، نە دەتوانن ڕاوەستن، لێرە هەموو کات دەریا دوودڵە و ئێستاش، دوودڵی هەموو خەڵکی تەنیوە، بیر دەکاتەوە لە کەنگێوە هاوڕێکانی نەدیوە، بە خۆی دەڵێ ڕەنگە لە شاری خۆم بام.. بزە دەیگرێ و دەڵێ.. جا مەخوازە ئێستا..!!!

ڕەشی شەو و شەکەتی خۆی، بیرەوەری وەبیر دێنێتەوە، بیری ئەو خاتوونە ڕەشپۆشە دەکاتەوە کە هەموو ڕۆژێ لە کاتی پیاسەی بەیانیاندا لە قەراغ ئاو دەیدی، هەموو کات وەک کچۆڵەیەکی ڕق ئەستوور پێڵاوەکانی فڕێ دەدایە قەراغ ئاوەکە و هەنگاوەکانی قورس لەسەر لمەکە دادەنا و بەرەو زەریا دەڕۆیی و تفی دەکردە نێو زەریاوە، نە ڕۆژێ نە دووان و سیان، جارێ لێی چووبووە پێش و پرسیبووی: باشی دایە؟

پیرەژن قەدەرێ چاوی لێ کردبوو، دەستی بە پرچیدا هێنابوو و گوتبووی؛

نامداتەوە نا..؟

لەگەڵ ئەو ڕستەیەدا نمە نمە باریبوو، نەیدەزانی زەریا دەلاوێنێتەوە، یان لەسەر گۆڕی ونبووی سەر ئاو دەگری.. بۆنی غەریبی لێوە دەهات، نەیدەناسی، بەڵام ئەو بۆنەی لا ئاشنا بوو لەنێو لۆرینیدا گوتبووی؛

ئەم شارە چەند چۆڵە بێ ئەو!؟

تەنیا بۆنی ئاشنای غەریبی بوو لای، لەم تەنگژەدا بڵێی ئەم شارە چەندە لای چۆڵتر بووبێ، باشتر بم دەچمەوە، ڕەنگە بیبینمەوە..

سیگناڵێ درێژ وەخۆی دێنێتەوە، ئاوڕدەداتەوە، شۆفێرەکە شووشەکە دەکێشێتەخوارێ و دەڵێ؛ بتگەینم؟ ساردە، وەرە میوانم بە!

وتنەکەی تا نێو چاوانی وەدەردەخا کە بۆ ڕاوەستاوە، لە دڵەوە دەڵێ: لە ڕوخسارم بڕوانە ماڵوێران، بۆ ناکرێ چرکەساتێ مرۆڤانە بیرکەنەوە، بەمرۆڤم ببینی نەک بەڕەگەز و..

بەخێسەوە چاوێکی لێ دەکات و کۆکە نایەڵێ ئەوەی لە دەمی کۆ کردووەتەوە هاوار بکات، شۆفێر دەزانێ هەو نییە، پا لە گاز دەنێ و..

چەند چرکە ڕادەوەستێ و چاوی لێ دەکات و..

دەنگی کورتەنامەیەک وەخۆی دێنێ، تەلەفۆنەکەی لە بنی جانتاکەیەوە دەردێنێ، شووەکەیەتی، نووسیبووی؛

«دوکتۆر هاتووە دەڵێ بەیانی دەتوانم بێمەوە ماڵێ، کە هاتی جلەکانمت بیرنەچێ، کارتی بانکیش...»

تەلەفۆن لە خامۆشبووندایە، قامکەکانی هێزی وەڵامدانەوەیان نییە، بەڵام چاو لەو کورتەنامە هەڵنابڕێ و لەبەرخۆیەوە دەڵێ؛ دیسان، لە هیچ سووچێ ناوی منی نەهێناوە..

هەموو کات چاوەڕێ بوو لە سووچێکەوە ببینرێ، نازانێ ئەمە هیوایە لە بێ هیواییدا ڕایگرتووە، یان خود گرێدراوی چەند خاڵی گرینگترە، یان نە، ڕەنگە ناچارییە، هەڵاتنە.. ناخۆشترین بەرپرسیاریەتی، بەرپرسبوون لەپێناو کەسێکە کە دڵنیات ناکات.

هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ و کۆکە و کۆکە و کۆکە، لەو لاپەڕە دێتە دەر و ژمارەی ماڵەوە دەگرێ؛

باوانم چۆنی؟

لە کوێی دایەگیان؟ نایەیتەوە؟ ژیرۆ ناخەوێ. دەڵێ دایە قەولی داوە لە ئامێزم بگرێ.

بە ڕێگاوەم کوڕم، خەریکم دێمەوە، بڵێ لەسەر بەڵێنم هەم، بەڵام نەوەک درەنگ بگەم ئێوە بنوون.

دایە دایە، قاپەکانم شوشت، جیرانەکەی ڕووبەڕوومان چێشتی بۆ هێناین، گوتی دایکتان لە ماڵ نییە، لاتان بم؟ پێم گوت من پیاوم، وانییە؟

بژی کوڕم بژی، ئەوە دێمەوە، ئاگا...

تەلەفۆن کوژایەوە و قسەی نیوەچڵ مایەوە، هێواش لەبەرخۆوە دەڵێ: ئاگاداری خۆتان بن و بزە و دڵتەنگی داڵدەی دەدەن، ژیرۆی بە هەستم، باوانی ئازیزم، دەڵێ پیاوم.

دەیەوێت پێبکەنێ بەڵام بەلای چاویدا بزە دادەکەوێت و دیسان قووتی دەدا. مۆبایل دەگرێتەوە دەستی، دەیەوێت چاوێ لە وێنەکە بکات کە بەیانی بۆیان ناردبوو، هەرچی دەکات بۆی ڕۆشن نابێ...

«بڵێی ئێستا چۆن بێ، دڵنیام بەهێزە ناوێرێ بیر لە نەبوونی بکاتەوە، لەوەتی لەبیری دێ دایکی بەهێز دیوە، لەو کاتەی ٨/٧ منداڵ ڕژابوو بەسەریدا و هەرچەند گوتیان، بەڵام نەڕۆی و هەموویانی لە داوێنی پەروەردە کرد، ئەو ڕۆژەی بیر دێتەوە کە باوکی نەمابوو، خزم و کەسی باوک هاتبوون، دایکی منداڵەکان دەرکەن بەو بیانووە کە خاڵمان، مامممان، میمکەزاکەمان، نەماوە و تۆ نابێ لێرە بی، خانوو و منداڵ دانێ و بڕۆ، دایکی زۆر لەسەرەخۆ چایی بۆ دانان و گوتبووی:

«هەنگاوتان سەرچاوم، میوانی ماڵمن، بەڵام چایەکەتان خوارد، تکایە بڕۆن چون کارم زۆرە، منداڵەکان وردن، من دەست تەنیام...»

چ هێزێ لە قامەتی وشەکانی دەباری، هێزێک کە قەت لە نەماندا ناگونجێ، لێوی گەست، دڵی توند لە مشتی گرت.. تەنانەت حەزی ناکرد بگری.

سیگناڵی ماشێنێ دیسان وەخۆی دێنێ، بەڵام نە بۆ هەڵگرتنی، بەڵکوو چونکە بەدەم بیرکردنەوە تا نێو قەدی شەقام چووە.

پاڵتۆکەی توندتر بەخۆیەوە دەگووشێ، شەکەت و ماندووە و بیر لەوە دەکاتەوە بگاتەوە ماڵێ و بخزێتە ژێر لێفەکەی، بەڵام شپرزەیی ماڵی بیر دێتەوە و دەڵێ نا.

«لەپێشدا ماڵ خاوێن دەکەمەوە، سبەی باوکی منداڵەکان دێتەوە، دەبێ نانی بەیانیش ساز بکەم، بە کوڕەکانیش بڵێم حەمام بکەن، ئەم ڕۆژانە قوتابخانە بەشێوازی سەرهێڵە و هیچ نەمتوانیوە لەگەڵ منداڵەکان بم، دەبێ ئەوەش جێبەجێ کەم، کارەکانی خۆم وە دواکەوتوون...»

ئەم دنیا بەرینە چۆن کاول بوو؟! چ بوو ئەم بەڵایە بەسەر مرۆڤایەتیدا هات..

شەکەتە، تەنانەت لەبیر کردنەوەش شەکەتە.

ماشێنێ هێوری دەکاتەوە، شۆفێرەکە شووشەکە

دەداتەخوارێ و هاوار دەکات؛
بۆ کوێ دەچی؟
گەڕەکی مامۆستا..
وەرە سەرێ.
هێواش سوار دەبێ، ناچارە متمانە بکات. ناچارە نەترسێ لەوەی کە بزانێ ناسازە و چۆن هەڵسوکەوت بکات، هێزی بە شەکەتییەکەی دەشکێ و سوار دەبێ. لەپشتەوە دادەنیشێ، تەنیا ئەو و شۆفیرەکەن، گۆرانییەکی فارسی و بۆنی جگەرە و گەرمایەکی تۆخ هەموو ماشێنێ داگرتووە، ئارەق دەڕژێنێ، هەناسەی قورسە و ناوێرێ کۆکەی لێوەبێ، دەستی دەنێتە بەر دەمامکەیەوە، هێواش شووشەکە دادەداتەوە و هەناسەیەکی قووڵ تا ناو سییەکانی دەبات و هێواشتر دەری دەداتەوە، دەیەوێت بپرسێ دەکاتە چەند زەحمەتەکەی و پارەکەی بداتێ، دەستێ لە گۆ ناکا و لەبەر دەمی دەگرێ و هۆیەکی لێ دەکات..
شۆفیر لەئاوێنەکەوە چاوێ لەو و چاوێ لە شەقام دەکات، چەند جار دووپاتی دەکاتەوە.
هەموو هێزی کۆ دەکاتەوە کە ناسازبوونی نەبینرێ، چاو دەبڕێتە شەقام، شۆفیر دەپرسێ؛
دەتویست ئەم ڕێگا دوورە بە پێیان بڕۆی؟
بەڵێ، شەو درەنگە و ماشێن ڕایناگرێ، ناچارم، سپاس کە ڕاوەستان.
تکایە، بەڵام ناساز دیاری، نەخۆشی خاتوون؟
ناتوانێ بڵێ نا، ناکرێ بڵێ نا! لەمێژە کۆکەی ڕاگرتووە لە پڕێکا بەری دەدا و دەڵێ بەڵێ، دووربێ لە ڕووتان..
کابرا هێواشی دەکاتەوە و دیسان دەڕوا، دیسان هێواشی دەکاتەوە، دەڵێی دوودڵە لە ڕۆیشتن و ڕاوەستان، لەپڕ ڕایدەگرێ و دەڵێ:
ببوورە، بەڵام دەکرێ دابەزی؟
کز دەبێ، ناتوانێ هیچ بڵێ تەنیا دەپرسێ، هەقی زەحمەتەکەم دەکاتە چەند؟
هیچ، تکایە دابەزە، نەدەبووا هەر سواربی، بۆ سواربووی؟ ئێستا منیش تووش بم! دەبێ چ بکەم؟
نازانێ چی بڵێ، خۆی کۆ دەکاتەوە و هێواش دادەبەزێ، پرسیار لەچی بکا، بۆ نامگەیەنی؟ چەندەت پارە دەوێت؟ ناتوانێ کەس لۆمە بکا، ئەمە پەلەقاژەی مان و نەمانە، هەموو کەس هەوڵیەتی خۆی زیاتر بژیی، بەڵام بۆ قەت تێنەگەیشتووین من نەبم تۆش نامێنی، بۆ بەو باوەڕە ناگەین، بکوژی ئێمە سەرەتا خۆمانین، بۆ ئاوا لە مرۆڤ بوونمان لادەدەین..
بە ئەسپایی دەرگای ماشێن دادەخات، سپاسی دەکات کە تا ئەوێش گەیاندوویەتی و وەڕێ دەکەوێ.
زۆرم نەماوە بگەم.
ئەوە دەڵێ و هیلاکی هەموو جەستەی لە قاچیدا کۆ دەکاتەوە و چیتر ئاوڕ ناداتەوە، دەستی مشت دەکات و لە گیرفانی دەنێ وەک ئەوەی خۆی لە ئامێزی خەیاڵێ کە ساردترە لەم غوربەتە گرمۆڵە بکات، بەڵام ژیان وەبزەی دێنێ دیسان، بزەیەکی تاڵ کە زۆر جاران تا ئەوکی تەنیایی چەشتبووی..
بۆنێ دێ بەسەریدا کە لە گێژەوە دێ، بۆنی سووتانی دارێ، نوقمی خەیاڵێ دڵخۆشی دەکا کە هەموو کات تەزوو دەخاتە گیانی، پڕە لە بیانوو بۆ دیدارێ، سەری هەڵدێنێ و پڕ بە ئاسمانی ژێر ڕەشماڵی شەو، هەوا دێنێتە سییەکانی و بە ئەسپایی دەری دەدا، چاوەکانی دادەخاتەوە سەر هێڵی ڕێگا.